# هۆکارەکانی نوێکردنەوەی گۆرانیی کوردی چین؟

**سازدانی: جەمال گردەسۆری**

**بۆماوەیەکی زۆر گۆرانیی کوردی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، ئەمەش بەهۆی بارودۆخی نالەباری سیاسییەوە لە کوردستاندا کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر گۆرانی کوردی هەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک لە هۆیەکانی پێشکەوتن و دواکەوتنی گۆرانی کوردی بەدەر لە هەر کاریگەرییەکی دەرەکی کاریگەری رەگەزەکانی گوتن بووە لەگەڵ مۆسیقادا و لەپێناوی پەنجە نوماکردنی هۆیەکانی پێشکەوتن و دواکەوتنی گۆرانی کوردی. لاپەڕەی کەلتوور پرسیارەکانی ئاراستەی هونەرمەندانی کورد دەکاو لاپەڕەکەشی ئاوەڵا و کراوەیە بۆ هەر گفتوگۆو سەرنجێک هەر رەخنەو بەدواداچوونێک لەسەر ئەم تەوەرە.**

* ئایا هۆکاری تازەکردنەوەی گۆرانی کوردی لە کام لەم سێ رەگەزانەی گۆرانی موزیک، دەنگ، ئاواز سەرچاوە دەگرێت؟

– ماهیر محەمەدەمین: لای من تا ئێستا میلۆدی=ئاواز گەورەترین هاندەری دووبارە تۆمارکردنەوەی گۆرانییەکی کۆن یان فۆلکلۆر بووە، رەنگە هونەرمەندانێک لە رۆژگارێکدا میلۆدییەکی جوانیان گوتووە، بەڵام بەهۆی تەوزیف نەکردنی ئەو میلۆدییە جوانە بەشێوەیەکی دروست و لاوازیی ئەو هۆنراوە و موزیک و ئەدا و تۆماری دەنگەی کە بەشەکانی دیکەی گۆرانییەکەی پێکهێناوە وایکردووە کە میلۆدییەکەش جوانییە راستەقینەکەی بە تەواوی دەرنەکەوێت.

بۆیە دەکرێ بڵێین شتێک نییە پێی بگوترێ میلۆدی (کۆن) یان، (نوێ) بە مانا تەقلیدییەکەی، بەڵکو میلۆدییە جوانەکان ئەگەر کۆنیش بن تازەن، ناشیرینەکانیش گەر تازەش بن، کۆنن یان هەر بە مردوویی لەدایک بوون. جا کە دەمانەوێ کار لەسەر میلۆدییەک بکەین کە زەمانێک بەر لە ئێستا بووەتە قوربانی نەبوونی هۆشیارییەکی موزیکی و ئەدەبیی لەلایەن کەسی جێبەجێکار دەبێت ئەو هۆشیارییە لای جێبەجێکاری دووەم دروست بووبێت ئینجا دەست بەو کارە بکات، بۆ ئەوەی هەموو رەهەندەکانی دیکەی گۆرانی لە (هۆنراوە، موزیک، دەنگ، ئەدا، تۆمارکردن) بگەنە ئاستی جوانیی میلۆدییەکەو هەموویان پێکەوە گۆرانییەکی جوان بەرهەم بهێنن، لەگەڵ ئەو رایەشدا نیم کە دەڵێن نابێت گۆرانییە کۆنەکان یان فۆلکلۆرەکان لەڕووی میلۆدیی و هۆنراوەوە دەستکاریان بکرێت، بەڵام ئەی ئەگەر میلۆدییەکی جوان لەرێگەی چەند وشەیەکی کرچ و کاڵ و بێ مانای ناو هۆنراوەکە ناشیرین بوو بوو، ئەو کات چی بکەین؟ بێگومان لەوێدا دەتوانین هەمان میلۆدی بە هۆنراوەیەکی جوان بە مەرجێک لەگەڵ جۆری میلۆدییەکە بگونجێ، دووبارە تۆمار بکەینەوە، یان زۆر جار دەبینین لە میلۆدییەکەدا تەنها یەک رستەی مۆسیقایی خۆش هەیە، بۆ نابێ ئەو رستەیە بکەین بەهەوێنی دروست کردنی میلۆدییەکی جوانتر لەوەی جاران؟



ماهیر محەمەئەمین

* دەنگی ئافرەت و هاوبەشی زیاتری لە گۆرانی گوتن و هاتنە ناوەوەی رەگەزی دیکەی وەکو سەماو ئامادەبوونی زۆری ئافرەت لە گۆرانییە کلیپەکاندا توانیویەتی ببێتە هۆکاری تازەکردنەوە؟

سوهام حەسەن: هەڵبەتە بەشداری ئافرەت زیاتر لەگۆرانی گوتن و هونەر شتێکی زۆر چاکە وابزانم هونەر بەبێ ئافرەت دەبێتە مایەی پاشکەوتنی کەلتووری ئەم میللەتە چونکە پێشکەوتنی کەلتووری هەر میللەتێک بە هونەرەکەیەوە دیارە ئەگەر هەر میللەتێک هونەرە جوانەکانی پێشکەوتووبێت ئەوە ئەم میللەتە زۆر میللەتێکی گەورە و پێشکەوتووە، بۆ بەشداری ئێمەی ئافرەتیش بەشێک دەبێت لە پێشکەوتنی هونەری گۆرانی و مۆسیقاو سینەماو شانۆ و هەر گۆرانییەک کلیپێک گەر خۆی سەرکەتوو بوو ئەوە بە شیعرو ئاواز توانای هونەرمەندەکە سەرکەوتوو دەبێت سەماش بەشێکە لە هونەر لەوانەیە لە هەندێ کلیپ، بەم سەمایە یان بەشداری زۆری ئافرەت سەرکەوتووی هونەرەکە دەیسەلمێنێت ئەمە بەرهەمێکی چاکە، بەڵام لەوانەشە بە پێچەوانەوە بێت. کاتی خۆی بەرهەمەکانی هونەرمەدان عەلی مەردان و خالقی و حەسەن زیرەک و ئەوانی دیکە هیچ ئافرەتیشیان لەگەڵ نەبوو بەڵام هونەرەکەیان هەتا ئێستاش هەر نەمرە بۆیە دەڵێم هونەر خۆی دەسەلمێنێت.



* ئایا پێت وایە گۆرانی کوردی هیچ پێشکەوتنێکی لە مۆسیقاو دەنگ و ئاوازەوە هێنابێتە کایەوە ئەو پێشکەوتنە لە چ لایەنێکی ئەو رەگەزانە بەدی هێنراوە ئەگەر نا بۆچی؟

سوهام حەسەن: بەهۆی ئەو مامۆستایانەی کە ئێستا لە مەیدانی هونەری مۆسیقاو گۆرانی کار دەکەن کۆمەڵێ هونەرمەندی چاکیان هێناوەتە ئەم مەیدانە بۆیە دەڵێم پێشکەوتن لەبواری ئاوازو دەنگ زۆر بە چاکی دەبینرێت و دەبیسترێت لەسەر شانۆکان لەم فیستیڤاڵە موزیکیانە بە ئاشکرا دیارن.

* زۆر کەس پێیان وایە تازەکردنەوەی ئامێرە مۆسیقاییەکان بەتایبەتی بەکارهێنانی ئامێرە بیانییەکان تێکدانی ئاوازو گۆرانی کوردییە نەک تازەکردنەوە، تۆ بۆ ئەم مەسەلەیە چی دەبینی؟

خۆشەوی عەزیز: جارێ پێش هەموو شتێ دەمەوێ ئەوە بڵێم لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەی کە هەموو جیهانی گرتۆتەوە لە هەموو بوارەکاندا مرۆڤیش بە بەردەوام لەشتی نوێ و تازەگەریدا دەگەڕێت، جا لە هەر بوارێکی ژیاندا بێت بەشێکیش لەم پێشکەوتنە بە بەر گۆرانی و مۆسیقا کەوتووە، گۆرانی و مۆسیقا چێژە دەربڕینە پەیامە پەیامیش دەبێت زۆر راست گۆیانە بێت تۆ ئەگەر هەر شتێکت لەناخدا نەبوو هەر یەک لەمانەی کە باسمان کرد ئەوا راست گۆیی تیادا نابێت، ئەنجام کارەکە ناچێتە قاڵبی زیندووکردنەوەی یاخود تازەکردنەوە بۆیە دەبێت کەسی هونەرمەند بەتایبەتی برا گۆرانیبێژەکان دەبێت زۆر بە وردی و زانستیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەو بابەتەی کە جەنابت باسی دەکەی بەڕاستی زۆر جاران چێژ لێ وەرگرتنمان لێیان شێواندوینە، دەرەنجام ئەوانە وەک بڵقی سەر ئاو وانە دیسان بۆمان روون دەبێتەوە کە چەند راست گۆیینە لەگەڵ هونەرکەماندا، زۆر بەداخەوە هەندێک جاران دەبینین هەندێ لەبرا گۆرانیبێژەکان شێوازێک لە گۆرانی گوتن بەکار دەهێنن ئەویش شاردنەوەی توانای دەنگیانە کە بەم ئامێرە تازانە، ئەوەش وامان لێ دەکات کە جۆرێک لە نەشارەزاییمان دەبات و چونکە ئەگەر کەسێک خوێندنەوەیەکی مۆسیقیانەی هەبێت ئەم شتانە ئەنجام نادات لە کۆتاییدا ڕێزو سڵاوم و خۆشەویستیم بۆ جەنابتان هیوادارم هەردەم بتوانن ئاوا لەبابەتی هونەریانە بدوێن بۆ زیندووکردنەوە.

* ئایا دەنگ خۆشی پێویستە بۆ تازەکردنەوەی گۆرانی کوردی یاخود مەرج نییە دەنگ خۆش بێت؟ بەڵکو چۆنیەتی گوتن باشە؟

خۆشەوی عەزیز: لای هەموومان روون و ئاشکرایە کە گۆرانی و مۆسیقا لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکین ئەویش دەنگ، هۆنراوە، مۆسیقا، وێنە جارێ با لەدەنگەوە دەست پێ بکەین دەنگ چێژێکە بەدڵ و دەروون و فرمێسکی هەموو مرۆڤێک بەستراوەتەوە خوای گەورە یەکێ لە بەهرە گرنگەکان کە دەیدا بە مرۆڤ ئەویش دەنگ خۆشییە، جا لێرەوە دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم ئەگەر هاتوو تۆ خانوویەکت دروست کرد ئەم خانووە ئەگەر لە بنەڕەتدا رێک و پێک نەبوو ئەوە دەبێت لێی بکۆڵینەوە جا با لێرەوە بێینە ناو دنیای گۆرانی و مۆسیقا چونکە گۆرانی و مۆسیقا لەم سەردەمە بوویتە بەشێک لە ژیانماندا.

بۆ تازەکردنەوەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەڵێ زۆر گرنگە دەنگ بێت بەڕاستی زۆر جاران کەسانێک دەبینین لەسەر شاشە کە هیچ لەو بنەمایانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن تیایدا بەدی ناکرێت ئەوە وامان لێ دەکات کە بڵێین شێواندنی گۆرانی و مۆسیقای کوردییە نەک تازەکردنەوە دووبارەی دەکەمەوە رەنگە زۆر جاران ئەم قسەم کردبێت کە بەڕاستی دەزگا راگەیاندنەکان بەرادیۆو تەلەفزیۆنەکانەوە دەبێت کەسانی شارەزاو پسپۆڕ هەبێت بۆ چاو پێ خشاندن بۆ ئەم بابەتە. بگرە وەنەبێت دەنگ خۆشیش بتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێ، چونکە کۆمەڵێک شتی جوانتر هەیە لەدوای دەنگ خۆشی ئەویش ئەوەیە کە هۆنراوە و مۆسیقا دەورێکی کاریگەرتر دەبینێت لەبەرەوە پێشبردنی گۆرانی و مۆسیقا، ئەوانەی کە باسمان کرد کاری گرنگتر لەوەی کە وێنەیە ئەویش شوێنی خۆی دیارو روونە، ئەو سێ بنەمایەی کە لەدوای دەنگ خۆشی دێت پشت و پەنایەکی زۆر بەهێزن لەپاڵ دەنگ خۆشیەکە بەوەوە دەتوانین هونەرێکی هاوچەرخ و زیندوو بگەیێنین بەر دیدی گوێ گران و بینەران. لەکۆتاییدا رێزو خۆشەویستیم بۆتان.



خۆشەوی عەزیز